www.kurdistannet.org
4-2-2003 22:36

# لیزبیەنی کورد " مەلاهەریری " هەراسان دەکات!

**کەیهان عەزیز ـ تاهیر سالح شەریف**

kayhanaziz@maktoob.com
Taher4@msn.com

لەوەلاّم بەووتاری " یەکەمین لیزبیەنی کورد و یەکەمین گوتاری ئێمە " دا، ڕۆژی٣٠ جەنیوەری ٢٠٠٣، مەلا " محمد هەریری " بە شێوەیەکی دوور لە هەر جۆرە پرەنسیپێکی نووسین و ڕۆژنامەگەری، کۆمەلّێك جنێو و قسەی سووك بازاڕیانەی ئاڕاستە کردین.

ئیمە چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە " هەریری " و میشك ژەنگاوی یەکانی وەك ئەو، کاسەی سەبریان بەرانبەر بە ووتارەکەی ئێمە سەر ڕێژ دەکات و پێی قالّسبن. . بەلاّم ئێمەیش لەمێژە بڕیارمان داوە کە هەر کۆنەپەرستێك بەردمان تێ بگرێت بەرقی تێ بگرین و بە هەمان زمانی خۆی و بگرە خراپتریش وەلاّمی بدەینەوە. . . بەهەرحالّ، کورد دەلّێت : " گەر بزن نانی شوان بخوات، نەگبەتی خاوەنەکەیەتی ". ئێستا کاك " هەریری " کە نانی شوانی خواردووە و ئەوەش نەگبەتی یەکی ترە بۆ ئاینی ئیسلام، چونکە دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندین تا جاریکی دیکە ئەو کەلچەر و ئەقلّیەتە دارزیوە بدەینەوە بەر ڕەخنە، کە بە هیچ شێوە یەك ڕێگانادات مرۆڤ بەئازادی بیر بکاتەوەو هەناسەیەکی ئازاد بدات.

**بەلّێ مەلا . ئێمە ئیفلاسی ئەخلاقی و سیاسیمان کردووە !**

ئامانجی گەلاّلە کراو لەووتارەکەی ئێمەدا، نەقسەکردن بووە لەسەر " ئەخلاق " و"نەریکلامکردنی " پەیوەندی سیکسی هاورەگەز" بووە ( وەك دیاریدەیەك کە بە دریژایی مێژوو لەناو کۆمەلگا جیاوازەکاندا، چ بەشێوەی نهینی و چ بەشیوەی ئاشکرا بوونی هەبووە) ، بەلّکو ئامانجی سەرەکی ئێمەلەم دێرەدا کورت کراوەتەوەکەدەلّێین : " ئێمە لێرەدا دەمانەوێت جورئەتی فینك بەرانبەر بەکەلتوری دژی ئازادیەکان بکەینە تەوەرەیەکی تری ڕەخنەکانمان لەهەمان کەلتوری زالّ بەسەرکۆمەلگادا ". بەلاّم " هەریری " ئەو ئامانجەی ئێمە ئاوەژۆ دەکات، تالەو ڕێگایەوە ئێمە بە کەسانیك لە قەلّەم بدات کە ئیفلاسی ئەخلاقی و سیاسیمان کردووە و ئەوەش وای لە ئێمە کردووە" بەدرەوشتی " ئاراستەی کۆمەلگا بکەین. لەوبارەیەوە هەریری دەلّێت : { کۆمەلگای دواکەوتوو. . ، دەبێت ئاهەنگ بۆ بەد ڕەوشتی و تورەهات بگێرێت، بە دەستی کەسانیك کە دەمێکە دووچاری ئیفلاسی ڕەوشتی و سیاسی بوون، بەلاّم هەر لە پەلەقاژەدان. . . }. بەڕاستی وایە ( !! ) لەڕۆژگاریکەوە کە کەلچەر و یاساو شەرعی " ئیسلامی محەمەدی " ( بیست و چوار ژن بۆ پیاویك) مان ڕەت کردووەتەوە، ئێمە دووچاری ئیفلاسی ئەخلاقی بووین! . لەو کاتەوە کە لە واتای ئەم دوو ئایەتەی " سورەتی الاحزاب "، کەدەلّێت : { ئەی پیغەمبەری خودا ئێمە ئەو ژنانەمان بۆ حەلاّلّکردیت کە کرێ و مارەییت داونەتێ و ئەو ژن و کەنیزەکانەی کە کریوتن و دەستت کەوتوون، لەوانە خودا بە تالاّن داویەتی پێت. هەروەها کچانی مامت و کچانی خالّت و ئەوانەی کە لەگەلّتدا کۆچیان کردووە، هەروەها ئەوژنە موسلّمانەی کە خۆی بە پیغەمبەر ببەخشێت بە بێ مەرجی مارەیی و پێغەمبەریش ئارەزووی هێنانی بکات، ئەمەیان بۆ تۆیە نەك بۆ موسلّمانانی تر. . . ئەوانەی باسکران و ئەوانەی حەز بکەیت دوای دەخەیت و نایان هێنیت، یان لەگەلیاندا ناخەویت و ئەوەی ئارەزوو بکەیت دەیهینیت و بەخۆتی دەگری و لەگەلّی دەخەویت. . . ئەم سەرپشکیەیە لە بەر دلّی ئەوانە و ئەوانیش دەبێت دلّخۆش بن بەوەی کەداونەتێ لەکرێ و مارەیی و نابێت خەمناك بن، ئیدی نابێت لەمەو دوا ژنانی تر بهینیت، یان بیان گۆریت بەژنانی تر. . . بازۆریشت پێ جوان و لەبار بن، تەنها کەنیزەك نەبیت ـ بروانە ئایەتی ٥٠– ٥٢} تێگەییشتین، ئیتر ئێمە دووچاری دارمانی ئەخلاقی بووین. لەو کاتەوە کە تێگەیشتین کە " خودا "

www.kurdistannet.org

و " عايشه " يش خەريكن لە پەلامارو هێرشە سيكسى عەشوايىيەكانى " محەمەد " بۆ سەر ژنان نيگەران دەبن، ئيتر بەتەواوى ئيفلاسى ئەخلاقى " ئيسلامى محەمەد " يمان كرد. . . بەڵێ كاك " هەريرى " لەكاتێكەوە تێگەيشتين كە" سياسەت " لە ئاينى " محەمەدى " دا بە واتاى " ئەنفال "، برين و ئەتك كردنى ئەندامەكانى لەشى زيندووەكان و مردووەكانە، ئيتر ئێمە ئيفلاسى " سياسى " مان كرد. لەو رۆژگارەوە كە

" محەمەد " بەم رستە شاعيرانەيە " سبحانه الله مقلب القلوب " توانى " زەينەب" ى ژنى " زەيدى كوڕى حارس " هەلبگێرێتەوە و دواتر بيكاتە ژنى خۆى، ( ئەمە لەباريكى كۆمەڵايەتى ئەو تۆدا رووىدا كە بەپێى عادەتى عەرەبەكانى نيمچە دورگە بە كچى محەمەد دەشيا) ، ئيتر ئێمە ئيفلاسى ئەو ئەخلاقيەتەمان كرد. لەو رۆژگارەوە كە تيگەيشتين " سياسەت " لە ئاينى " محەمەدى " دا بە واتاى " اغتصاب " كردنى كچ، خوشك و دايكى بەديل گيراوەكانى نەيارانى ئيسلامە (بەكورديشەوە) ، لەلايەن " سەربازانى شرەخۆرى خودا " وە، ئيتر ئێمە تووشى ئيفلاسى سياسى بووين و نەفرەتمان لەو سياسەتە كرد. بەڵێ كاك " هەريرى ". . كاتێك كە ئايەتى ٢٩ لە سورەتى " التوبه " پێى ووتين : { بكوژن ئەوانەى كە بروايان بە رۆژى ئاخيرەت و بە خودا نە هێناوە و ئەو شتانە حەرام ناكەن كە خوداو پيغەمبەرى خودا حەراميان كردووە و بروا ناهێنن بە دينى هەقى ئەو كەسانەى كە كتێبيان پێ دراوە. }، ئيتر ئێمە نەفرەتمان لەو سياسەتە كرد و هەرەسمان لەو سياسەتەدا هێنا و بڕيارماندا دژايەتى ئەو " سياسەت "ە ديكتاتۆرى و تيرۆريستىيەش بكەين.

## ئێمە " زيادەرەوى " دەكەين و " هەريرى "ش بەشمشيرى دارينەجەنگ دەكات !

وروژاندنى باسى " پەيوەندى سيكسى هاورەگەزhomo sexuality " لەلايەن ئێمەوە و بە هۆى ديدارەكەى " فينك " ەوە لەگەڵ كاناڵى تەلەفيزۆنى ( sbs6 ) ى هوڵەندى دا، ئامانجێكى ترى ئەوە بوو كە بە ڕاشكاوانە قسە لەسەر دياريدەيەكى شاراوە بكات كە لە كۆمەڵگاكەى ئێمەدا بوونى هەيە. ئەوە مەبەستيكى ديكەى ووتارەكەى ئێمە بووە نەك شتيكى كەمتر، يان زياتر. لەكەلچەر و ئەقڵيەتێكدا كە تەنانەت باسكردن و قسە لەسەر كردنى دياريدەيەكى وەك سيكچواليتى ياساغ و حەرام دەكات، چ بگات بەوەى كە ژنيك بێت و باسى حالەتى ليزبيەن بوونى خۆى بە ئاشكرابكات، ئاخۆ دەبێت حوكمەكانى ئەو ئەقڵيەت و كەلچەرە بەرانبەر بەو چى بێت ؟ ئێمە نەك هەر ئەوە بەڕاست نازانين كە بەهۆى (ليزبيەن) بوون و ( گەى) بوونەوە كەسيك تيرۆر بكريت، يان ئەشكەنجەو ئازار بد رێت، بەڵكو دژى ئەو هەڵوێست و بير كردنەوە نامرۆڤانەيەيشين.

هەروەك لەووتارەكەشماندا پێمان لە سەر داگرتبوو، ناكرێت كەكێشەو دياريدەى پەيوەندى سيكسى هاورەگەز لە قوناغە مێژوويى يە جياوازەكان و لە كۆمەڵگا جياوازەكاندا، تەنها لە چوار چێوەى باسێكى پزيشكى بەحت و گرفتى جينەكان و هۆرمۆنەكانى مرۆڤدا بخريتە ژێر توێژينەوەوە، بەڵكو دەبێت ئەوكێشەو دياريدەيە لە چوارچيوەى گشت ئەو پەيوەنديە كۆمەڵايەتى و سيكسىيانەدا لێ ى بكوڵرێتەوە كە ئەو دياريدەى هێناوەتە بوونەوە لە قۆناغە دياريكراوەكەى دا. كەچى مەلا " هەريرى " لەسەر ئەو تێروانينە ئێمە بە زيادەرۆيى كار لەقەڵەم دەدات و دەڵێت : { لە هەمووشت سەير تر ئەوەيە كاك تاهير و كەيهان پێيان وايە كە ئەو حالەتەشازە زۆر بەنهێنى پيادە دەكريت. . . ناتوانين كە بلێين ئەو حاڵەتانە نين لە ناو كۆمەڵگەى كورددا، بەلام ناشتوانين بەو زيادەڕەوىيەى ئەو دوو نووسەرە باوەڕ بكەين، بەو شێوە نازانسنيانە تەعميمى بكەين }. ئاخر مەلا گيان كارى ئێمە بوختان كردن نى يە بۆ كۆمەلگاكەمان و لە نەبوونەوە ئەو دياريدەيەمان بۆ دانەتاشيوە. ئەوەتا بۆ يەكەمين جار لەمێژووى هاوچەرخى كۆمەلگاكەماندا " فێنك " بووەتە قسەكەرى ئەو كێشەيە. . جگە لەوەش، ڕەنگە خۆيشت ئەم دێرە شيعرە ئامێزە كلاسيكيەت لەسەر زارى هەرز ( مراهق) ەكانى كوردستانەوە بيستبێت كەدەڵێت :" پانێ بە پانێ لەزەتى كوانێ. درێژە بە پانێ لەزەت دەزانێ ".

كاك " هەريرى " هەر بەوەوە ناوەستێت كە بە زيادەڕەوى تاوانبارمان بكات، بەڵكو لەوەش خراپتر ئەو دەيەوێت بەشمشيرە دارينەى " بەد ڕەوشتى " و" چەپرەوى منداڵانە " ملى زيادەڕەوەيەكەى ئێمە بپەرێنيت. ئەو پێمان دەڵێت :{ لينين

لەکوێیە ئەو ( چەپرەوە مندالکارانە) ببینێت، کەچۆن پشتگیری لە هەموو بەدرەوشتی و لادانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکەن و بوونەتە کلك و زوڕنای سەرمایەداری. دەبوایە کاك تاهیر هەندیك یەکسانی خوازانە تر بایە و داوای پشگیری بۆ هۆمۆسیکچوالی یەکانی هەردوو ڕەگەز بکردایە تابەتەواوی ئاهەنگەکە سەرکەوتوو بوایە }. مەلا گیان ! ئاهەنگەکەمان سەرکەوتووە، بەڵام تۆ دەتەوێت لێمان تیك بدەیت و بەشمشیرەدارینەی " بەد ڕەوشتی " و " چەپرەوی‌منداڵانە " تا بەردەم دادگای لینین، ڕاپێچمان بکەیت. ئاخر مەلای بیّ عیلم و مەعریفە، باس کردنی کیشە و دیاریدەیەکی وەك پەیوەندی سیکسی هاورەگەز بۆچی دەبێت " بەد ڕەوشتی" و کلکایەتی و زوڕنا ژەنی بێت بۆ سەرمایەداری ؟ باسکردن لەو دیاریدەیە دەگەڕیتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لەئیستا. . مەلا گیان ئاهەنگەکەمان سەرکەوتووە و لیّمان تێك مەدە !. . ئاخر مەلای بیّ سەواد، تۆ نەقورئانت خەتم کردووە و نە حفظیشت کردووە، چونکە لە قورئاندا باسی هەمان دیاریدەی سیکچوالیتی لەناو " قەومی لوط " دەکات و بە هۆی هەمان دیاریدەوە نەفرەت لەو قەومە دەکات. تۆ بڵێ ی نووسەر و کۆکەرەوەکەی " کتێبە پیرۆزە " کەش وەك ئێمە" بەد ڕەوشت " بوویێ کە هەمان باسی دیاریدەی سیکچوالیتی یان تێدا هێناوەتە گۆڕێ ؟. . مەلای بیّ زمان و بیّ ڕێزمان ! !ئاهەنگەکەمان خەریکە بە هەڵە ڕێزمانییەکانی تۆ سەرکەتووتر و گەرمتردەبێت، مەردبە، بە بەرپا کردنی جەنگی " بیّ ڕەوشتی " لێمان تێك مەدە ! !. . کۆلکەی بیّ قاعیدە و بیّ قواعد، ئەی نەتزانیوە کە من لە ڕێزمان و زمانەوانیشدا " یەکسانی خواز " م ؟! کاتێك من زاراوە و ووشەکانی " پەیوەندی سیکسی هاورەگەز " م لە ووتارەکەی پێشووماندا بەکار هێناوە، ئەوە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بووە. ئەو سیّ ووشەیە کە لە زمانی ئینگلیزیدا دەکاتە homo sexual هەم بۆ پەیوەندی سیکسی نیوان ڕەگەزی نێر و نێر و هەم بۆ پەیوەندی سیکسی نێوان ڕەگەزی مێینە و مێینە بەکار دەبرێت. هەرچەندە کەمن ئینگلیزی یەکەشم دووکەڵ دەکات، بەڵام ئەو زاراوەیە لە " gage Canadian dictionary " دا ئەوها مانا کراوەتەوە:showing sexual desire for the same sex. مەلاگیان. . من زووتر ئامۆژگاریم کردیت کە بەر لەوەی ووتار بنووسیت، پێویستەکە گرامەری کوردی‌یەکەت بەهێز بکەیت، ئەوا ئیستا بۆنەگبەتی ئیسلام، گرامەرە ئینگلیزی یەکشی هاتە بان. ئاخر مەلای بیّ سەواد " هۆمسیکچوالیتی هەردوو ڕەگەزەکە " بەمانای چی‌یە؟ هەر خودی زاراوە ئینگلیزی یەکە و ماناکردنەوەی لە دیکشەنەری ناوبراودا، مەیلی سیکسی چونیەك و هاورەگەز دەگەیەنێت، کەمن لەبری ووشەی " مەیل "، ووشەی " پەیوەندی " م بە گونجاوتر زانیووە لە بەکارهینانی کوردی‌یەکەی‌دا. یان بە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی ئاسان و سادەتر : لیزبیەن + گەی = پەیوەندی سیکسی هاورەگەز. . بەڵێ مەلا گیان ! ئاهەنگەمان سەرکەوتووەو بەم خۆزگەیەشت ناتوانیت لیّمان تێك بدەیت !.

مەلا خۆزگە دەخوازیت و دەڵێت : { خۆزگە ئەو لیزبیانە یەکەمەی کورد کەسیکی نزیکی نووسەرانی پێشوازینامەکە دەبوو. . بۆ نموونە خوشکیان یان کچیان با، تائەو کاتە رادەی پیشکەوتوخوازیمان بزانیبا }. کاك هەریری ئێمە درۆ لەگەڵ خۆمان و خەڵکیشدا ناکەین، بڕوامان پیّ بکە نەك خوشك وکچی خۆمان بووایە، بەڵکوخوشك و کچی تۆی موسڵمانیش بووایە یان هەرکەسێکی دیکە، هەمان هەڵویستی بەیانکراوی یەکەمین ووتارمان دەبوو. . . .

٣ ی فیبرووەری ٢٠٠٣

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15